Kurdistan parliament- Iraq
Kurdistan – Erbil

پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق
كوردستان ـ هەولێر

NO:
DATE:

ژمارە:
رۆژ:

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**ب / پرۆژە یاسا**

**ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پرلەمانی كوردستان كەلەخوارەوە واژۆمان كردووە، پێشنیار دەكەین كە پرۆژە یاسای (ئەنجومەنی كاروباری پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستانی- عێراق) پێشكەش دەكەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی كاری كۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ گفتوگۆكردنی لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو.**

**لەگەڵ ڕێزدا.....**

**<u>ئەندامانی واژۆكردووی پێشنیاری یاساكە:</u>**

١- د. سرود سليم حقي

٢- شيلان جعفر علي

٣- كمال يلدا مرزو

٤- حسنا عمر توفيق

٥- اليدنا معروف

٦- محمد سعد الله

٧- فرهاد عبدالقادر

٨- تحسين اسماعيل احمد

٩- هيڤاجي مرخان

١٠- سهام عمر قادر

١١- كه زال هادي عمر

١٢- زانا عبدالرحمن عبدالله

١٣- ناهد عثمان توفيق

١٣- عبدالرحمن فاريا (ابوكاردان)

١٤- عبدالله حاجه محمود

١٥- ياسين [illegible]

پرۆژە

# یاسای ئەنجومەنی کاروباری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

## ماددەی (1): پێناسەکان

مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: حکومەت : حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

سێیەم: پێکهاتەکان : پێکهاتەکان ئەوانەی زۆرینە پێکناهێنن هەروەك پێناسەی لە یاسای پاراستنی مافەکانی پێکهاتەکان ژمارە (5)ی ساڵی 2015دا هاتووە.

چوارەم: پەرلەمان : پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

## ماددەی (2): پێکهێنانی ئەنجومەن

یەکەم : ئەنجومەنێك لە پێکهاتە بچووکەکان کە لە ماددەی یەکەمی یاسای پاراستنی مافەکانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (5)ی ساڵی 2015ی بەرکاردا ئاماژەیان پێکراوە، دادەمەزرێت. و بارەگای نووسینگەی گشتیی ئەنجومەن لە شاری (هەولێر)ی پایتەخت دەبێت، هەروەها ئەنجومەن مافی هەیە لە کاتی پێویستیدا لە پارێزگاکانی دیکە هەرێم لق بۆ خۆی بکاتەوە.

دووەم : لەم بوارەدا نوێنەرایەتی کردنی دادپەروەرانەی رۆڵەکانی سەرجەم پێکهاتەکان رەچاو دەکرێت.

سێیەم : پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ رێکخستنی کاری ئەنجومەن ئامادە دەکرێت، و ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی دەکات.

چوارەم : ئەنجومەن لە سەرۆکێك و جێگرێکی سەرۆك پێکدێت، لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیان بە دەنگدانی نهێنیی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

پێنجەم : سەرۆکایەتی ئەنجومەن ناوبەناو دەبێت لە نێوان سەرۆك و جێگرەکەی، بە رادەی (6) شەش مانگ بۆ هەر یەکێکیان.

شەشەم : ئەنجومەن، بە سەرۆك و جێگرەکەیەوە، وئەندامەکانی پێکدێت کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی هەرێم دەکەن، بە رادەی دوو ئەندام بۆ هەر پێکهاتەیەك.

حەوتەم : ئەندامانی ئەنجومەن لە لایەن ئەو پێکهاتانەوە کاندید دەکرێن کە نوێنەرایەتیان دەکەن، و هەر پێکهاتەیەکیش مافی هەیە زیاتر لە دوو کاندید پێشکەش بکات، بەشێوەیەك کەوا یەکلایی کردنەوەو دەنگدان لەسەریان لە پەرلەمان دەبێت، و مەرجە بۆ چەسپاندنی ناوەکانیان متمانەی (50+1)ی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست بهێنن.

هەشتەم : بەشداریکردنی ئافرەت لە ئەنجومەن بە رادەی 3/1ی ئەندامەکانی مسۆگەر دەکرێت.

نۆیەم : ماوەی کاری ئەنجومەن (4) چوار ساڵە، و بەهەمان میکانیزم دووبارە پێکدەهێنرێتەوە.

دەیەم : دەکرێت سەرۆك و جێگرەکەی بۆ ویلایەتێکی دووەم نەوەك سێیەم، دووبارە هەڵبژێردرێنەوە.

یازدەم : ئەنجومەن راپۆرتێکی ساڵانە دەربارەی باری راستەقینەی پێکهاتەکان و ئەوەی لە راستیدا بەدەستهاتووە لە پتەوکردنی پاراستن و بوونی پێکهاتەکان پێشکەشی پەرلەمان و رای گشتی دەکات.

دوازدەم : ئەنجومەن سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت و سەرۆکەکەی مافی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران وەك ئەندامێکی چاودێر بەشدار بێت هەر کاتێك پێویست بکات پاڵپشت بە داواکارییەکی فەرمی کە لە لایەن خۆیەوە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکات بە ئامانجی بزواندن و خستنەڕوو و بەرگری کردن لە بابەتێکی تایبەت بە پێکهاتەکان.

## <u>ماددەی (3): ئەندامێتیی</u>

یەکەم : ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ ئەندام:

1- گەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتن و لێهاتەی یاسایی هەبێت.
2- بەلای کەم، هەڵگر بێت بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان ئەوەی هاوتایەتی.
3- ناوبانگ و رەفتار چاك بێت، و بە کەتن یان تاوانێکی ئابروبڕ حوکم نەدرا بێت.
4- بایەخدانی هەبێت بە پرسەکانی مافەکانی مرۆڤ و مافی پێکهاتە بچووکەکان.
5- دانبنێت بە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن و پێیەوە پابەند بێت.

دووەم : لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئەندام ئەندامێتیی خۆی لەدەست دەدات:

1- نەمانی یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتیی.

2- ئەگەر کەمتەرخەم بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی یان لێیان لابدات یان پشتگوێیان بخات، یان بوونی زیانی هەبێت بۆ بەرژەوەندی ئەو پێکهاتەیەی نوێنەرایەتی دەکات، و ئەمەش بە پێشکەش کردنی یاداشتێکی هۆدارەوە دەبێت کە واژووکراو بێت لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمەوە ئەوانەی نوێنەری هەمان پێکهاتەن، بۆ داواکردنی ئاڵوگۆڕکردنی، ئەوکاتە پێویستە ئەم بابەتە یەکلایی بکرێتەوەو کاندیدێکی نوی دەسنیشان بکرێت، لە ماوەیەك لە یەك مانگ لە رێکەوتی پێشکەشکردنی یاداشتەکە تێپەڕ نەکات.

3- دەستلەکارکێشانەوە.

4- کۆچی دوایی.

## ماددەی (4): ئەرکەکانی ئەنجومەن

ئەنجومەن ئەم ئەرکانەی خوارەوە لەئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: چاودێریی پیادەکردنی ئەو دەقانەی تایبەتن بە مافی پێکهاتەکان، لەو یاسایانەی لە هەرێمدا بەرکارن، و بەدواداچوونی راپۆرتی ئاستی گونجانی ئەو دەقانە لەگەڵ بەندەکانی دەستووری بەرکاردا، لەگەڵ لێکەوتەکانی، بە داواکردنی هەموارکردنی دەقەکان یان هەڵوەشاندنەوەیان یان بەیاساکردنی دەقی نوی، ئەگەر پاساوی شیاو بۆ ئەم کارانە هاتنەدی.

دووەم: گەیاندنی داواکارییەکانی پێکهاتەکان بە لایەنە پەیوەندارەکان و بەدواداچوونی پرسەکانیان لەپێناو مسۆگەر کردنی هێنانەکایەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و تێڕوانین لە پێکهاتەکان بە دادپەروەری و یەکسانییەوە.

سێیەم: کاراکردن و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەو دەقانەی رێگری جیاکاری دەکەن لە نێوان هاوڵاتیاندا، لەبەر هەر هۆیەك بێت، و راسپاردن بە گرتنەبەری رێکاری گونجاو لەپێناو دەستەبەرکردنیان.

چوارەم: بۆی هەیە پرسی پەیوەست بەسیاسەتی پەیوەندار بە پێکهاتە نەتەوەیی، نەژادیی، رۆشنبیریی، زمانەوانیی، یان ئایینی یان رێچکەیی، بەتایبەتیش ئەو پرسانەی پەیوەستن بەو سیاسەتانەی تیشك دەخەنە سەر جێبەجێکردنی گەرەنتی و پاراستنەکانی دەستووریی و یاسا تایبەتەکان ئەوانەی ماف و ئازادییەکانی پێکهاتەکان رێکدەخەن، بۆ پەرلەمان یان دەستە حکومییەکان پێشنیار بکات و راوبۆچوونی خۆی لەسەریان دەربڕێت.